مەشعان جبوری: هەیبەت حەلبوسی نوێنەرایەتی هێزێك دەكات نەك هەموو سوننە



سیاسەتمەدارێکی ناسراوی سوننەکان هێرشکی توند دەکاتەسەر کاندیدەکەی محەمەد حەلبوسی بۆ پۆستی سەرکی پەرلەمانی عێراقو بەنوێنەری هێزکی دەزانێتو دەڵێت، "ئەوەی ڕویدا سەرەتایەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبی تەقەدوم".

لەدوای ڕاگەیاندنی شەوی ڕابردوی ئەنجومەنی سیاسی نیشتیمانی سوننەکان کە جەختیکردەوە لەسەرئەوەی، هەیبەت حەلبوسی کاندیدیانەی بۆ پۆستی سەرکی پەرلەمانی عێراق، مەشعان جبوری کەسایەتی سیاسیی ناسراوی سوننەکان هاتەدەنگو دەڵێت، "هەخنەی توندو زۆرم هەیە لەکاندیدکردنی هەیبەت حەلبوسی بۆ سەرکی پەرلەمان، ئەو لایەنگریی بڕامبەر بەهێزێك هەیەو نوێنەرایەتییان دەکات، نەک تەواوی پێکهاتەی سوننە".

جبوری جەختیکردەوە، "کاندیدکردنی هەیبەت حەلبوسی بۆ سەرکی پەرلەمان نوێنەرایەتی، سەرەتایەکەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبی تەقەدوم".

مەشعان جبوری باسی فەرامۆشکردنی پارێزگاکانی کەرکوك و سەڵاحەدین دەکات و ڕایدەگەیەنێت، "بەداخەوە ئێنجومەنی سیاسی نیشتیمانی نەیتوانیی دابپەروەریی دەستەبەربکات لەدیاریکردنی کاندید بۆ پۆستەکان، چونکە کەرکوك و سەڵاحەدین دوو پارێزگای قورسی سیاسیین و پاڵپشتکی باش بون بۆ لایەنە سوننەکان، بەناوی فەرامۆشکران و پشکی خۆیان پێنەدرا".

جبوری پرسیاری ئەوەشیکردوە، "ئایا دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای هاوبەشی یان بەرژوەندی تەسکی حزبیی دیاریکراون؟، چونکە لەدادپەروەریدا بەیارێکان لەبەرژوەندی هەموان دەبن، نەک لەبەرژوەندیی گروپێک یان هەرەمێک لەسەر حسابی ئەوانی دیکە".